## کلامیدیا، زانیاری نەخۆش ( ۲۱-۱۰-۲۰۱۶)

پەڕەی پزیشکی پاراستن لە پەتا لەبارەی پارستن لە پەتا.

### ئایا ئەتۆ لەبەر چی ئەم زانیاریەت وەرگرتووە؟

ئەتۆ تووشی کلامیدیا بوویت، یان گومانی ئەوە هەیە کە تووشی ئەوە بوویت. ئەم پەڕە زانیاری تێدایە لەبارەی کلامیدیا، چۆنیەتی چارە کردن و کە ئەتۆ پێویست دەکات چی بکەیت.

### ئایا کلامیدیا چیە؟

کلامیدیا میکرۆبێکە کە زۆربەی کات لەو لیکەگلاندانە گیر دەبێت کە لە بۆری میز، خەمشە و ڕێکە هەن. جاروباریش ئەو دەکرێت لە گەرو هەبێت. دەکرێت بۆ ماوەیەکی زۆر کلامیدیات هەبێت، جاروبار بۆ ماوەی چەندین ساڵ بە بێ ئەوەی هەست بەوە بکەیت.

### ئایا چۆن تووشی کلامیدیا دەبیت؟

کلامیدیا بەر لە هەر شتێک لە ڕێگای پێوەندی خۆ نەپاراستنی جنسیی، یان پێوەندی جنسیی خەمشە یان پێوەندی جنسیی ڕوونك بڵاو دەبێتەوە، و جاروباریش لە ڕێگای پێوەندی جنسیی دەم. ئەوەیش هەروەها دەکرێت لە ڕێگای پەتتینگ* و کەرستەی یاری پێوەندی جنسیی بڵاو بێتەوە.
لە ڕێگای جلکوبەرگ، خاولی یان لە نێو تەوالێت **تووشی کلامیدیا نابیت** لەبەر ئەوەی ئەو میکرۆبە لە دەرەوەی لەش ناتوانێت بژیت. دەکرێت چەندین جار تووشی کلامیدیا بیت.

*پەتینگ = " پێوەندی جنسیی دەست پێ هێنان"، دەست بە یەک دان بە بێ هەبوونی پێوەندی جنسیی، خۆڕەحەتکردنی هاوبەش.

### ئایا هەست بەوە دەکەیت کە کلامیدیات هەیە؟

زۆربەی ئەو کەسانی کە تووشی ئەوە بوون هیچ نیشانەیەکی نەخۆشیان نیە، واتە هەست بەوە ناکەیت کە تووشی ئەو چڵککردنە بوویت.
هەندێک هەست بەوە دەکەن کە دەچزێت لە کاتی میز کردن.
ژنان دەکرێت ئاولێهاتنی خوێناویان هەبێت و یان ئازار لە بەشی خوارەوەی زگ. پیاوان دەکرێت لە بۆری میزەوە کەفیان هەبێت یان ئازاری کیسەی گون. ئەگەر پێوەندی جنسیی ڕوونکت هەبووە دەکرێت لە ڕێکەوە کەفت هەبێت.
تەنانەت لە کاتێکیش کە هیچ نیشانەیەکی ئەو نەخۆشیەت نیە کلامیدیا زۆر نەخۆشیەکی پەتایە.

### ئایا کلامیدیا مەترسیدارە؟

بە بێ چارە کردن ژنان لەوانەیە زیان بە لولەی منداڵدانیان بکەوێت، کە لەوانەیە ئەوە زەحمەت بکات کە بتوانن دووگیان بن یان ببێتە هۆی ئەوە کە ئاولەمەکە لە دەرەوەی منداڵدان گەورە بێت ( دووگیانی لە دەرەوەی منداڵدان).
پیاوان دەکرێت تووشی چڵککردن بن لە هێلکەی لاوەکی گون. کلامیدیا هەروەها دەکرێت ببێتە هۆی چڵککردنی چاو و جاروبار ئازاری جومگە.

### ئایا چۆن کلامیدیا چارە دەکرێت؟

کلامیدیا بە دەرمانی ئانتی بیۆتیك چارە دەکرێت ( حەپ). ئەگەرحەپەکان بخۆیت بەو شێوەی کە پێویستە بیانخۆیت و ئەو ڕێنامیانەی کە وەرتگرتووە ڕەهایان بکەیت، چڵککردنەکە لا دەچێت. چارە کردنی نەخۆشیەکە بە خۆڕاییە.
ئەتۆ دەبێت بێیتەوە بۆ لای پزیشك ئەگەر کاتی سەردانەوەت بۆ دانێن.

لە کاتێک ئەتۆ کلامیدیات هەیە **نابێت کەسێک بخەیتە مەترسی تووش بوونی ئەو نەخۆشیە.** دڵنیاییترین شێوە ئەوەیە کە هیچ پێوەندیەکی جنسیت نەبێت یان شێوەیەکی دیکەی پێوەندی جنسی تا چارە کردنەکە تەواو بووە، واتە بۆ ماوەی ۱۰ ڕۆژ. ئەگەر ئەتۆ هەرچەن پێوەندی جنسیت هەیە **دەبێت** بۆ ئەو کەسە باس بکەیت کە پێوەندی جنسیت لەگەڵی هەیە کە ئەتۆ کلامیدیات هەیە و ئێوە **دەبێت** خۆتان بپارێزن ( کۆندۆم یان فێمیدوم).

### شوێنپێ هەڵگرتنی پەتا - ئایا ئەوە مانای چیە؟

ئەوە شتێکی زۆر گرینگە کە ئەو کەسانە بدۆزرێنەوە کە کلامیدیایان هەیە بۆ ئەوەی کە چارە بکرێن، لە لایەکەوە بۆ کەمکردنەوەی مەترسی زیان پێ گەیشتن (سەرەوە ببینە) و لە لایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی چەندین کەسی دیکە تووشی چڵککرنەکە نەبن.
ئەگەر کلامیدیات هەیە لەبەر ئەوە ئەتۆ ناچاریت ئەوە باس بکەیت بۆ بەرپرسی شوێنپێ هەڵگرتنی پەتا کە پێوەندی جنسیت لەگەڵ چ کەسێک یان چەندین کەس هەبووە، جاروبار بۆ ماوەی درێژی ساڵێک لەوەو پێش.

ئەوەی کە ئەتۆ بۆ بەرپرسی شوێنپێ هەڵگرتنی پەتا باس دەکەیت نهێنییە( پەنهانیی پارێزیی). ئەو کەسانەی کە ئەتۆ باسیان دەکەیت بۆیان دەرناکەوێت کە ئەتۆ کێیت. ئەوان تەنها بۆیان باس دەکەن کە پێویستە بڕۆن خۆیان تاقی بکەنەوە.

## کلامیدیا هەیە لە یاسای پاراستن لە پەتا - ئایا ئەوە بە مانای چییە؟

لە یاسای پاراستن لە پەتا ڕێساگەلی هەڵسوکەوت هەیە بۆ پێشگرتنی نەخۆشی وەک کلامیدیا، بۆ ئەوەی بڵاو نەبێتەوە و کەسانی دیکە تووشی ئەوە نەبن. ئەتۆ کە کلامیدیات هەیە، یان گومان لەوە هەیە کە هەتبێت، **دەبێت ئەم ڕێساگەلی هەڵسوکەوتانە ڕەها بکەیت** لە لایەن پزیشکەکەت:

- ئەتۆ دەبێت بێیت بۆ کاتی هەمتر سەردانەوە ئەگەر پزیشکەکە وەها بڵێت.
- ئەتۆ دەبێت بۆ کەسێک کە پێوەندی جنسیت لەگەڵی هەیە باس بکەیت کە ئەتۆ کلامیدیات هەیە یان لەوانەیە هەتبێت.
- ئەتۆ دەبێت پارێزە بەکار بهێنیت ئەگەر پێوەندی جنسیت هەیە پێش تەواو بوونی چارەکردن یان ئازمایشی خوێن.

ئەگەر ئەتۆ ڕێسایەکی هەڵسوکەوتت لەسەرە کە بە بۆچوونت هەڵەیە، دەتوانیت پێوەندی بە پزیشکی پاراستن لە پەتا بکەیت لە ئەنجوومەنی هەرێمی خۆت.

## ئایا دەتەوێت پتر بزانیت؟

زانیاری زیاتر لەبارەی کلامیدیا هەیە لە ماڵپەڕی:

www.1177.se

www.folkhalsomyndigheten.se

www.umo.se (پێشوازی لاوان لە ئینتەرنێت)

**چوارگۆشەی بە دڵخوازی دانی زانیاری(*frivillig informationsruta*)**

ئەو کەسەی یان کەسانەی کە بینیوتە (*Du har träffat*)

..........................................................................................

ڕێکەوتی سەردانی شوێنپێ هەڵگرتنی پەتا (*Smittspårning bokad datum*)

..........................................................................................

سەردانی جارێکی دیکە (*Nästa återbesök*)

..........................................................................................

ژمارەی تەلەفۆن یان کاتی تەلەفۆن بۆ پێشوازیی پزیشکیی *Telefonnummer/telefontid till mottagningen* )

..........................................................................................